سُورَةُ التغابن

بِسۡمِ بەناوی ٱللَّهِ خودا ٱلرَّحۡمَٰنِ ئەوپەڕی میهرەبان وبەبەزەیی (ناوێکی پیرۆزی خودایە) ٱلرَّحِيمِ ئەوپەڕی بەخشندە (ناوێکی پیرۆزی خودایە)

يُسَبِّحُ تەسبیحات دەکات لِلَّهِ بۆ خودا مَا هەرچی فِي لە السَّمَاوَاتِ ئاسمانەکانە وَمَا و هەرچی فِي لە الْأَرْضِ زەویە

لَهُ هی ئەوە الْمُلْكُ هەرچی مولک و خاوەندارییە وَلَهُ و هەر بۆ ئەویشە الْحَمْدُ هەمو سوپاس و ستایشێک وَهُوَ وئەویش عَلَىٰ بەسەر

كُلِّ هەموو شَيْءٍ شتێک قَدِيرٌ تواناداره (١) هُوَ الَّذِي خودایە ئەوەی خَلَقَكُمْ بەدیهێناون فَمِنكُمْ ئیتر لەنگۆ هەیە

كَافِرٌ بێ بروا و کافرێکە وَمِنكُم و لەنگۆش هەیە مُّؤْمِنٌ برواداریک وَاللَّهُ و خوداش بِمَا بەوەی تَعْمَلُونَ دەیکەن بَصِيرٌ بینەرە

(٢) خَلَقَ بەدیهێناوە السَّمَاوَاتِ ئاسمانەکان وَالْأَرْضَ و زەوی بِالْحَقِّ بە حەق وَصَوَّرَكُمْ و شێوەی پێداون

فَأَحْسَنَ جا چاک چاکی کردوە صُوَرَكُمْ شێوەکانتان وَإِلَيْهِ و هەر بۆلای ئەویشە الْمَصِيرُ داهاتوو و سەرئەنجام (٣)

يَعْلَمُ دەزانێت مَا چی فِي لە السَّمَاوَاتِ ئاسمانەکان وَالْأَرْضِ و زەوی دایە وَيَعْلَمُ و دەشزانێت مَا چی تُسِرُّونَ پەنهان دەکەن

وَمَا و چی تُعْلِنُونَ ئاشکرا دەکەن وَاللَّهُ و خوداش عَلِيمٌ زانایە بِذَاتِ بە هی ناو الصُّدُورِ سینگەکان (٤) أَلَمْ ئایا نە

يَأْتِكُمْ هاتووە بۆتان نَبَأُ هەواڵی الَّذِينَ ئەونەی كَفَرُوا کوفریان کرد مِن لە قَبْلُ پێشدا فَذَاقُوا جا چەشتیان وَبَالَ ئۆباڵی

أَمْرِهِمْ کارەکانیان وَلَهُمْ و بۆیان هەیە عَذَابٌ عەزاب و ئەشکەنجەیەکی أَلِيمٌ زۆر بە ئازار (٥) ذَٰلِكَ ئەوە ش بِأَنَّهُ بەهۆی ئەوەی

كَانَت پێشان تَّأْتِيهِمْ ئەوان بۆیان دەهێنان رُسُلُهُم پێغەمبەرەکانیان بِالْبَيِّنَاتِ بەڵگە دیار و ئاشکراکان فَقَالُوا ئەوسا ئەوان گوتیان

أَ (ئایا) بَشَرٌ بەشەر و مرۆڤانێک يَهْدُونَنَا ڕێنموونیمان دەکەن ؟! فَكَفَرُوا جا کوفریانکرد وَتَوَلَّوا و پشتیان هەڵکرد وَّاسْتَغْنَى -

اللَّهُ و خوداش (-بێ نیازبوو) وَاللَّهُ و خودا غَنِيٌّ دەوڵەمەندی حَمِيدٌ زۆر ستایشکراوە (٦) زَعَمَ- الَّذِينَ ئەوانەی

كَفَرُوا کوفریان کرد و بێ باوەڕبوون (-بەقسەی خۆیان گوتیان) أَن کەوا لَّن هەرگیز- يُبْعَثُوا زیندوو (-نا) کرێنەوە قُلْ بڵێ بَلَىٰ بەڵێ

وَرَبِّي و سوێند بە پەروەردیگارم لَتُبْعَثُنَّ هەرزیندوو دەکرێنەوە ثُمَّ پاشان لَتُنَبَّؤُنَّ بەدڵنیایی هەواڵی ڕاستتان پێدەدرێ بِمَا دەربارەی ئەوەی

عَمِلْتُمْ کردووتانە وَذَٰلِكَ و ئەوەش عَلَى بۆ اللَّـهِ خودا يَسِيرٌ ئاسانە (٧) فَآمِنُوا جا بڕروا بهێنن بِاللَّـهِ بە خودا

وَرَسُولِهِ و پێغەمبەرەکەی وَالنُّورِ الَّذِي لەگەڵ ئەو ڕووناکی و نورەی أَنزَلْنَا دامانبەزاندوە وَاللَّـهُ و خوداش بِمَا بەوەی

تَعْمَلُونَ دەیکەن خَبِيرٌ شارەزایە (٨) يَوْمَ ڕۆژێ يَجْمَعُكُمْ کۆتاندەکاتەوە لِيَوْمِ بۆ ڕۆژی الْجَمْعِ کۆکردنەوە ذَٰلِكَ ئەوە يَوْمُ ڕۆژی

التَّغَابُنِ زیانبارییە وَمَن و هەر کەسێک يُؤْمِن بڕوابێنێ بِاللَّـهِ بە خودا وَيَعْمَلْ وبکات صَالِحًا کارێکی چاك

يُكَفِّرْ (ئەوە خوا) دادەپۆشێ و چاوپۆشی دەکات عَنْهُ لێی سَيِّئَاتِهِ خراپە و گوناحەکانی وَيُدْخِلْهُ و دەیخاتە جَنَّاتٍ باخاتێک

تَجْرِي تێدەپەڕێ مِن لە تَحْتِهَا ژێریدا الْأَنْهَارُ ڕوبارکان خَالِدِينَ هەتاهەتایێ فِيهَا تیایدان أَبَدًا بە هەمیشەیی ذَٰلِكَ ئەوەیە

الْفَوْزُ بردنەوەی الْعَظِيمُ زۆر گەورە و مەزن (٩) وَالَّذِينَ و ئەوانەی كَفَرُوا کوفریانکردووە

وَكَذَّبُوا و بە درۆیان داناوە و بڕوایان نەکردوە بِآيَاتِنَا بە بەڵگە دیار و ئاشکراکانمان أُولَـٰئِكَ ئەوان أَصْحَابُ هاوەڵ و نیشتەجێی

النَّارِ ئاگرن خَالِدِينَ هەتاهەتایێ دەمێنن فِيهَا تیایدا وَبِئْسَ وخراپترین الْمَصِيرُ سەرئەنجامە (١٠) مَا أَصَابَ تووش نایێت

مِن (هیچ) مُّصِيبَةٍ بەڵاو و موسیبەتێک إِلَّا مەگەر بِإِذْنِ بە ڕێپێدانی اللَّـهِ خودا وَمَن و هەرکەسێ يُؤْمِن بڕوا بێنێ

بِاللَّـهِ بە خودا يَهْدِ (ئەوە) ڕاستەڕێی و هیدایەت دەبەخشێ بە - قَلْبَهُ دڵەکەی وَاللَّـهُ و خوداش بِكُلِّ بە هەموو شَيْءٍ شتێک

عَلِيمٌ زۆر زانا و ئاگادارە (١١) وَأَطِيعُوا ملکەچ و گوێڕایەڵ بن بۆ اللَّـهَ خودا وَأَطِيعُوا و ملکەچ و گوێڕایە ڵیش بن بۆ

الرَّسُولَ پێغەمبەر فَإِن جا ئەگەر تَوَلَّيْتُمْ پشت هەڵکەن فَإِنَّمَا ئەوە هەر ئەوەندە عَلَىٰ لەسەر رَسُولِنَا پێغەمبەرەکەمانە :

الْبَلَاغُ ڕاگەیاندنی الْمُبِينُ دیار و ئاشکرا (١٢) اللَّـهُ الله لَا - إِلَـٰهَ نیە (هیچ) خوداو پەرستراوێک إِلَّا تەنها هُوَ ئەو (نەبێت)

وَعَلَى و هەر بە اللَّـهِ خودا فَلْيَتَوَكَّلِ با پشت ببەستن الْمُؤْمِنُونَ بڕوادارەکان (١٣) يَا أَيُّهَا هۆ ئەی الَّذِينَ ئەوانەی

آمَنُوا بڕواتان هێناوە ، إِنَّ بەدڵنیایی مِنْ لە أَزْوَاجِكُمْ خێزانەکانتان وَأَوْلَادِكُمْ ومنداڵەکانتان عَدُوًّا (هەیە) دوژمنێک لَّكُمْ بۆتان

فَاحْذَرُوهُمْ جا وریابن لێیان. وَإِن و ئەگەر تَعْفُوا ببورن وَتَصْفَحُوا و چاوپۆشی بکەن وَتَغْفِرُوا و لێخۆش بن فَإِنَّ ئەوە بەدڵنیایی

اللَّـهَ خودا غَفُورٌ لێخۆشبوی رَّحِيمٌ میهرەبابە. (١٤) إِنَّمَا - أَمْوَالُكُمْ ماڵ وسامانتان وَأَوْلَادُكُمْ و منالەکانتان (-هەر تەنها)

فِتْنَةٌ فیتنەو تاقیکردنەوەیە وَاللَّـهُ و خوداش عِندَهُ لایەتی أَجْرٌ پاداشتێکی عَظِيمٌ زۆر گەورە و مەزن. (١٥)

فَاتَّقُوا جا بترسن و خۆ بپارێزن لە اللَّـهَ خودا مَا ئەوەندەی اسْتَطَعْتُمْ توانیتان وَاسْمَعُوا و گوێبگرن وَأَطِيعُوا و گوێڕایەڵ بن

وَأَنفِقُوا و ببەخشنەوە خَيْرًا چاکە لِّأَنفُسِكُمْ ۗ بۆخۆتان وَمَن و هەرکەسێ يُوقَ بپارێزرێ لە شُحَّ ڕژدی و دەستگرەوەیی

نَفْسِهِ خود و نەفسەکەی فَأُولَـٰئِكَ هُمُ ئەوە هەر ئەوانن الْمُفْلِحُونَ سەرکەوتوو و سەرفراز. (١٦) إِن ئەگەر

تُقْرِضُوا قەرزبدەن بە اللَّـهَ خودا قَرْضًا قەرزێکی حَسَنًا چاک يُضَاعِفْهُ ئەوە چە ند بە رابە ری دە کات لَكُمْ بۆتان

وَيَغْفِرْ و خۆش دەبێت لَكُمْ لێتان وَاللَّـهُ و خوداش شَكُورٌ سوپاسگوزارێکی حَلِيمٌ خاوەن حیلم و لەسەرخۆیە. (١٧) عَالِمُ زانای

الْغَيْبِ غەیب و نادیارەکان وَالشَّهَادَةِ و بینراوەکانە الْعَزِيزُ دەسەڵاتداری ڕەهای الْحَكِيمُ خاوەن ئەوپەڕی دانایی و کارلەجێی یە (١٨)